







# گوڵدان و مەرکانەی هەڵواسراو لە ماڵەکەتدا

هەموو بەشـــێکی ماڵەکەت پێویستە رازاوە و جێی دەستی تۆی خانمی پێوە دیار بێت، چونکە هەر قوژبنێك رەنگدانەوەی جوانی هەمووی دیکـــۆری ماڵەکەتە، تەنانەت هەندێ جار لە دانانی کەرەستەیەکی بچووك، دەتوانیت گەورەترین دیمەن و دیکۆرت دەســـت بکەوێت. تا ماڵەکەت بە بۆن و بەرامی خۆشـــەوە گەشاوە بێت، دەتوانی کۆمەڵێك گوڵ و گوڵدان لە دیکۆری ماڵەکەتدا جێگە بکەیتەوە، ئەوەش بە چەندین شێوە دەتوانـــی ئەو کارە بکەی، کە گوڵدانی سرووشـــتی دابنێ، یان گوڵدان و مەرکانەی دەستکردیش چ جوانی کەمتر نییە ئەگەر هاوشـــێوەی گوڵدانی راستەقینە نەبێ، هەر بۆیە تا دەتوانی با ماڵەکەت پڕ بێت لە گوڵ و گوڵدانی سرووشتی و دەســـتکرد، پســـپۆڕانی دیکۆری ماڵ، پێیان وایە ئەگەر گوڵ و گوڵدانت لە ماڵەکەت دانا، واچاکە هەڵواســـراو بن، مەبەستیشـــیان لەوە چەندین ســـوودە کە ئەوانەن: گوڵدانی هەڵواســـراو دیمەنی بەرچاو دەبێت، ئۆکسجین بڵاودەکاتەوە، دوور دەبێت لە شکان و بەرکەوتن، لە هەمان کاتیشدا دەتوانی لە هەر شـــوێنێکی ماڵەکەتدا هەڵیانواســـی، بەبێ ئەوەی گرفتت بۆت دروست بکات و یان شوێنت بگرێت.



## چاکێتی

ئەگەر دەتەوێت لە نێو هاوەڵان و دەستەخوشکانت جێی سەرنج بیت، هەوڵبدە سەرەتا جل و بەرگەکانت بە جوانترین شێوە بن، چونکە کاتێك بە هاوڕێکانت دەگەیت، سەرەتا سەیری جلەکانت دەکەن، ئاخۆ بزانن چ شتێکی تازەت لەبەر کردووە، هەر بۆیە لەگەڵ سەرمای ئەو وەرزە سادە خۆت بگونجێنە و بتوانە جوانترین جلی کاســـواڵ بۆ خۆت هەڵبژێری، لە نێو










# دیکۆری ژووری چێشت و ناندێن





دیکۆری ماڵ، پابەندە بە دەست ڕەنگینی تۆوە، کە تۆش توانیت شێوازێکی جوان لە دیکۆری ماڵەکەت بە دی بکەیت، ئەو کاتە کارامەیی تۆ بەسەر کارەکانت دیار دەبێت، هەر بەشێکی دیکۆری ماڵت پێویستی بە گرنگی ڕۆژانە و جێی دەستی تۆ دەبێت. تا ماڵەکەت ئەوەندە خاوێن و ڕەنگین بێت، سەرکەوتنێکە بۆت و لە بەردەم چاوی کەسانی دیکەوە، دیکۆر و جوانی ماڵەکەت لە پێشەوەی هەموان دەبێت و پێشەنگی قەشەنگی دەگرێ، تۆش تا دەتوانی ئەو لایەنە فەرامۆش مەکە و لەبەرچاوی بگرە. ژووری چێشت بەشێکی گرنگە لە ماڵەکەت، بۆیە هەردەم بە پاکی و جوانی ڕایبگرە، تا هەموو کات کەسێك ویستی بچێتە ژووری ناندنێنەکەت، دڵی پێ بکرێتەوە و بزانێت کە تۆش وەك خاتوونێك ئەو دیکۆرە جوانەت داناوە. کەرەستەکان هەر یەکە بەپێی گرنگی خۆیان لە ژووری چێشتی دابنێ، هەوڵبدە هەردەم دیمەنی ئەو ژوورە کراوە و بەرچاو و بۆن خۆش بێت. تا ئەگەر ویستت بچیتە ئەو ژوورە هەستت بۆ خواردن و خواردنەوە بچێت و نەوەك بە بینینی ئەو ژوورە بێتاقەت و بێزار بیت.



## ڕەنگاوڕەنگ

زۆربەی ئەو جلانەی لەو وەرزەدا لەلایەن کچانەوە گرنگی پێدەدرێ، قەمسەڵە و چاکێتە، بەڵام زیاتر چاکێت جێگەی بایەخی زۆربەی کچان و خانمانە. بەڵام نابێ قەمسەڵە و ساقۆ لە بیر مەکە، بە تایبەت ئەوانەی دژە بارانن و لە ماددەی نایلۆن و سیررە دروست کراون، چونکە ئەوانە هاوشێوەی سەیوانێك لە ئاوی باران دەتپارێزێت. ئەو جۆرە چاکێتە جێگەی سەرنجت دەکات ئەگەر لەگەڵ پانتۆڵ یان کابۆیەکی جینز لەبەر بکەیت، لە بیریش مەکە ڕەنگێکی جوان ئەو چاکێتە هەڵبژێرە تا شێوازی شیاو بێت لەگەڵ جلی دیکە، هەندێکیان کورت و هەندێکی دیکەشیان درێژن، دەبێ بەپێ پێوانەی لەش و لارت یەکێك لەو جۆرە چاکێت و ساقۆیانە لەبەر بکەی.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی کەسی بەرامبەر دەکەی، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی سۆزداری لە نێوانتان دست پێبکات، ژیانی هەردووکیشتان پڕ دەبێت لە بەختیاری، بەڵام دەبێت هەمیشە ئاگاداری پاراستنی ئەو پەیوەندییە بن.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
ئێستا ژیانت گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەرکی سەرشانت زیاتر بووە و بەرپرسیاریت زیادی کردووە، بۆیە دەبێت تۆش هەوڵ بدەی سیستەمێکی نوێ پەیڕەو بکەی.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
قەت ئەو پرسیارەت لەخۆت نەکردووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵی کەسێکی ئازیزت لەخۆت ڕەنجاندووە، ئەگەر بچیت داوای بەخشینی لێ بکەیت و لاپەڕەیەکی نوێ لەنێوانتان بکەنەوە، ئەوا کارێکی زۆرباش دەبێت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
ئەوەندە لەخۆبایی مەبە کاتێك دەوروبەرەکەت بەباشی باست دەکەن، هێشتا هەندێك بواری گرنگی ژیان هەن وەك پێویست بایەخیان پێنادەیت. نامەیەکی زۆر گرنگت بۆ دێت و نهێنی نوێی تێدایە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
زیاتر بایەخ بە چۆنیەتی خەرجکردنی پارە بدە و مەرج نییە بەردەوام بەو شێوەیە پارەت زۆر بێت، بۆیە پێویستە بیر لەکاتی تەنگانە بکەیتەوە. بۆ خۆشبەختی خۆت هەوڵ بدە و دڵی دەوروبەرت خۆش بکە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
وەك وەفایەك بۆ تۆ، هاوڕێیەکی نزیکت دیاریەکی بەنرخت پێشکەش دەکات، ماوەیەکی زۆرە چاوت بە هاوڕێکانت نەکەوتووە، لەکاتێکی نزیکدا دووبارە بە دیداری یەکتر شاد دەبنەوە.

## نینۆکی دەست و پەنجە!



قەت هەستت کردووە کە نینۆکی پەنجەکانی دەستت زوتر دێتەوە لە نینۆکی پەنجەی پێ ! هەندێ جار هەردووکیان بەیەکەوە دەقرتێنیت، بەلام بۆ ماوەیەکی زوو نینۆکی پەنجەی دەست زووتر دێتەوە و درێژتر دەبێت لە نینۆکی پەنجەی پێ، ئەو زانیارییە لەلایەن پسپۆڕانی پێست و نینۆك روون کراوەتەوە کەوا خێرایی هاتنەوەی نینۆکی پەنجەی دەست (٤) ئەوەندەی خێرایی گەشەکردنی نینۆکی پێیە!

## یاریزانی پێشوو و لەشجوانی ئێستا

ئەو کچە بەهێزە، پێشتر یاریزانێکی تێنسی سەر زەوی شۆخ و ناسك بوو، زۆربەی جار نزیك دەبۆوە لە بەدەست هێنانی پاڵەوانیەتی، بەڵام تەنیا جارێك بەدەستی هێناوە، ئێستاش دوای ئەوەی وازی لە یاری کردن هێنا وکەچی خۆی بە یاری ئاسنی و لەشجوانی خەریك کردووە، تا لەش و لاری بەم شێوەیەی لێهاتووە، ئەوەیە چیرۆکی ژیانی (جینیڤەر کاپاراتی) یە، کە ئێستا جەستەی ئەوەندە بەهێز و جوانە، دەتوانێت لەگەڵ چەندین پیاو شەڕ بکات و لێیان بباتەوە، قوڕ بەسەر ئەو پیاوەی ئەوەی ئەو کچە دەبێتە هاوسەری لەسەر شتێکی سادە چینێکی خۆشی بەردەکەوێت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
چەند نهێنییەکی نوێت بۆ ئاشکرا دەبێت و ئیتر وەك جاران متمانە بە گشت هاوڕێکانت ناکەیت، کەسی بەرامبەر چاوەڕێت دەکات، تۆش چیتر دڵی مەشکێنە و کارێك بکە پەیوەندی نێوانتان بەهێزتر بێت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
بایەخی زیاتر بە ڕێکخستنی باری دارایی خۆت بدە، دەرفەتێکت دێتەپێش بۆ دەستکەوتنی بڕێك پارە، ماوەی داهاتوو لە بەرژەوەندی تۆ دایە و باری داراییت باشتر دەبێت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
خۆت دووربگرە لە ناکۆکی و بە دڵێکی فراوانەوە ڕەخنەی هاوڕێیەکت قبووڵ بکە کە تۆی زۆر خۆشدەوێت. هەرچەندە زۆر ڕەخنەت ئاراستە دەکات، بەڵام زۆربەی جار ڕەخنەکانی لە شوێنی خۆیاندان.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
ڕاشکاوانە هەستی خۆت بۆ کەسی بەرامبەرت ئاشکرا بکە، ئازاری خۆت و ئەو مەدە و چاوەڕوانی بەسە، وا باشترە کاتێك دیاری بکەن قسەی ناخی دڵتان بۆ یەکتری ئاشکرا بکەن و چیدی بیانوو بە یەکتری مەگرن.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
هەفتەیەکی ئاساییە، زۆربەی شتەکان وەك خۆیان دەبن، قسەی هاوڕێیەکت زۆر کاریگەریت لەسەر دروست دەکات، بەڵام ئەو گاڵتەت لەگەڵ دەکات و بە جددی وەری مەگرە، چونکە هەر ئەو لە ڕۆژە سەختەکان فریان دەکەوێت.


**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
خەونەکانت زۆرن و لە ژماردن نایەن، بەڵام بۆ گەیشتن بە خەون و ئاواتەکانت دەبێت هەوڵی زیاتر بدەیت، ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوام بیت، زۆر شتی گرنگت لە دەست دەچێت و دواتر پەشیمان دەبیتەوە.

# دار سێوەکەی نیوتن ببینە

کاتێك باسی هێزی ڕاکێشانی زەوی دەکرێ، یەکسەر باسی دار سێوەکە و زانا نیوتن دێتە سەر زار، کە دەگێڕنەوە و دەڵێن : جارێکیان ئیسحاق نیوتن لە ژێر دارێکی سێودا دەبێ، لە ناکاو سێوێك لە دارەکە دەبێتەوە بەسەری نیوتن دەکەوێت، ئەویش لەو کاتەوە بیرۆکەی ئەوەی بۆ هات کە زەوی هێزی ڕاکێشانی هەیە بۆ هەموو جۆرە ماددەیەك، ئەوەی لەم وێنەیە دەبینن ئەو دارەیە کە نیوتن لە ژێری دانیشتبوو و سێوەکەی بەر سەری کەوت، کە لە وڵاتی بەریتانیایە و تا ئێستاش ماوە.



## پەند و وتە!



- (ئەلێکساندەر پۆپ) بۆ لووت بەرزی دەڵێ :
زووهەڵچوون و قەزاوەتی پێشوەختە و خێرا پەلاماردانی خەڵك یان نیشانەی بێ عەقلییە یانیش نیشانەی لووتبەرزییەکی لەڕادەبەدەر.

## یاری پیت

**هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی:**

ھ ر ن ح ی م

ئاسانکاری : ناوی چیایەکی کوردستانە